گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی لێژنەی ئاشتەوایی لە پێکهاتنەوەی گیروگرفتە خێزانییەکان لە ناوەندی شاری هەولێر

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ناوەندی شاری هەولێر)

**ڕاستی غفور فتاح**
بەشی کاری کۆمەڵایەتی،کۆلیژی ئەدەبیات،زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق .
Rasty.fettah@su.edu.krd

**د.شڤان ئیسماعیل**
بەشی کۆمەڵناسی،کۆلیژی ئەدەبیات،زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق.
Shvan.hamad@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**ڕێکەوتی توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٢/٢٧
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٤/٢
بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٤

**ووشە سەرەکیەکان**
*Competent committee, Mediator, mediation, Family, domestic violence.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.8

## پوختە

ئەم توێژینەوە کە بە ناونیشانی (ڕۆڵی لێژنەی ئاشتەوایی لە پێکهاتنەوەی گیروگرفتە خێزانییەکان لە ناوەندی شاری هەولێر) هاتۆتە ئەنجامدان،ئەم لێژنەیە دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، کە یاسایە لە حەوت ماددە پێکدێت کە لە ماددەی پێنجەم ئاماژە بە دامەزراندنی لێژنەیەک دەکات بۆ چاکردنەوەی نێوان خێزانەکان، ئەندامانی ئەو لێژنەیە دەبێت کەسانی شارەزابن، وە بەشێکی گرنگی ئەو لێژنە وەکو ڕۆڵ و کارەکان بەبەر کۆمەڵکاران دەکەوێت، کە دەبێت بە ڕۆڵی نێوەندگیری، لەم توێژنەوەیەدا هەوڵمداوە ڕۆڵی کۆمەڵکاران لە پێکهێنانەوە کێشە خێزانیەکان ونێوەندگیری بزانین، هەروەها گرنگترین خەسڵەتەکانی لێژنەی ئاشتەوایی و کاریگەری لەسەر خێزان، هەروەها هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەرک و شوێنەوارەکانی ئەم لێژنەیە لەسەر ئەندامەکانی و ژینگەی خێزانە خاوەن گرفتەکان. ئەم توێژینەوە لە پێشەکی و سێ بەش و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت، بەشی یەکەم تایبەتە بە گرنگی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوەو کێشەی توێژینەوە، سنوری توێژینەوە. بەشی دووەم بریتیە لە چەمکەکانی توێژینەوە و میتۆدی توێژینەوە وگرفتەکانی بەردەم توێژینەوە، بەشی سێیەم بریتیە لە ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان.

## پێشەکی:

خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ژیان و سەرقاڵبوونی تاکەکان زێتر بەرەو فراوانبوون چوون، لە پاڵ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکانیش لە جیهاندا و لە سەدەی بیستەم کاری کۆمەڵایەتیش (Social Work) لە دایک بوو. لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا کاری کۆمەڵایەتی بەشداریکەرێکی سەرەکی خزمەتگوازرییە کۆمەڵایتییەکانە. کە لە مەدوای ئیشکردنی خزمەت بە تاک و گروپ و کۆمەڵگە دەکات، لەگەڵ کاری کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکان، پیشەی کاری کۆمەڵایەتیش وەکو پیشەیەکی مەیدانی هاتە نێو خزمەتگوزارییە کۆمەڵاتییەکان، ئەوانەیش کۆمەڵکارانن[1](Social Workers) کە ئێستا لە توێژینەوەکەمدا بە کۆمەڵکار ناوی دەهێنین، لە کارەکانی کۆمەڵکارە کۆمەڵایەتییەکانیش بریتین لە ( داکۆکیکەر و کارئاسانکەر و پەروەردەکار و توێژەر و نێوەندگیر و بەڕێوەبەر)، نێوەنگیری و نێوەندگیرکەر یەکێکە لە کارە سەرەکیەکانی کۆمەڵکاری کۆمەڵایەتی و گرنگە لە ژیانی ڕۆژانەی و ئەزموونی بۆ تاکەکان. لەگەڵ زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و خێزاانیەکان کە پێویستی بە چارەسەر دەبێت کۆمەڵێک چارەسەر لە دایک دەبن، یەکێکیش لەو چارەسەرانە نێوەندگیریە، پێداچوونەوە مێژوویەکان کە باس لە نێوەندگیری دەکەن، نێوەندگیری ئاماژە بۆ جێگۆڕکێی

[1] کۆمەڵکار: مەبەست لەو ناوە یاخود چەمکە بۆ ئەو دانیشتننە کۆتاییانەی بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین دەگرێتەوە، کە بە ڕەسمی پێشکەشی وەزارەتی خوێندنی باڵا کراوە تاوەکو بەرزبکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی شوراو و بڕیار دان لەسەر ناوی پیشەیی دەرچوانی ئەوە بەشە لە داهاتوو.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بژاردەکان دەکەن لە ناساندن و ئاڕاستەکردنی تاوان و نیشانە نەرێنیەکانی بۆ چارەسەری کێشەکان لە کۆمەڵگەدا، وە بەشداری کردن لە کێشەی تاوان لە کۆمەڵگەدا.

نێوەندگیری هەمیشە ڕێبازێکی جێگرەوەیە بۆ ڕێگری کردن لە تاوان، هەروەها نێوەندگیری کۆمەڵێک سوودی گرنگی هەیە، یەکێک لە سودەکانی نێوەندگیری پشگیری دەروازەیەکی فراوان دەکات بۆ سیستەمی یاسای سزادان و ڕازیبونێکی زیاتر، هەروەها قبوڵکردنی ئەنجامەکان، چارەسەکردنی ناکۆکیەکان لە بەرژەوەندی هەموو لایانە پەیوەندارەکان، چارەسەری زیاتر لە ڕوانگەی جیاوازی لایەنە ناکۆکەکان و کۆمەڵگەدا، هەڵی باشتر دەبەخشێت بۆ گوێڕایەل بوون، یارمەیتدان بۆ دەرکردنی یاساکانی سزادان، پاشەکەوتکردنی تێچوون بۆ حکومەت و ئەو لایەنانەی بەشدارن (Klaus.j and Hopt, Felix, 2012.p:7)

نێوەندگیری وەکو بەشێکی سەرەکی ئەرک و ئیش و ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتییە، کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو کۆمەڵگە دەدات لەسەرەتاوە بۆ ئەوەی ئاشتەوایی ئەنجام بدات لە نێوان ئەندامە لێکترازاوەکانی خێزان، پەرلەمانی کوردستان بە پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو لەسەر ئەوەی ژمارەی یاسای لە ئەندامانی پەرلەمان خستیانە ڕوو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٨) لە مێژووی ٢٠١١/٦/٢١ بڕیاری دەرکردنی یاسای ژمارە(٨)دا، کە بە یاسای توندوتیژی دژی خێزانی ناوزەندکراوە. دەرکردنی ئەم یاسایە لە زەروڕەتی پێشیلکردنی بەها کۆمەڵایەتییە خێزانیەکان، پێشێلکردنی مافە تاکە کەسیەکان بوو و وە هەوێنی توندوتیژیە خێزانییەکان بوو بۆ ڕێگریکردنی زیاتر لە لێکترازانە خێزانییەکان، وە هەروەها توندوتیژییە خێزانییەکان پێچەوانەی شەریعەت و بەها مرۆڤایەتیەکانە، ئەم یاسایە زیاتر لەسەر بنەمای هەڵنەوەشانەوەی خێزان و لێکنەترازانی خێزانی بوو کە لە (دە) ماددە پێکهاتووە و ماددەی پێنجەمی یاساکە کە دەڵێت، (لەسەر دادگایە لایەنەکانی سکاڵا ئاڕاستەی لێژنە بکات کە پێکدێت لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕان بۆ چاکسازی نێوانیان پێش ئاڕاستەکردنی کێشەکە بۆ دادگای تایبەتمەند و هەروەها لەو کێشانەی کە دەکرێت ئاشتەوایان تێدا بکرێت بەڵام کاریگەری نەکاتە سەر کاڕاییەکانی پاراستن کە لەم یاسایەدا هاتووە).

دواتر لە ڕێنمایی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە بەرواری ٢٠١٨/١٢/١٨ دەرچووە کە ڕێنمایی ڕێکخستنەوەی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە بەڕێوەبەرایتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی خێزان و ئافرەتان، کە تێیدا پاڵپشت بە یاساکە ئەو ڕێنمایە هەڵساوە بە دیاریکردنی ڕۆڵی ئەرک و ماف و شوێنی کارکردنی ئەندامەکانی لێژنەو میکانیزمی ئیش و کارەکانی و پاداشتی ماددی و چۆنیەتی وەرگرتنی ئەندامەکانی لێژنەکە ڕێکخراوە.

بۆیە بە پێویستم زانی وەکو توێژەرێک یەکەم توێژینەوەی مەیدانی لەسەر ئەم لیژنەیە ئەنجام بدەم بە هەموو زەحمەتی و کەم و کورپیەکانەوە، توێژینەوەیەکی ئەکادیمی زانستیانە بنووسم لەسەر بنەما سەرەکیەکانی توێژینەوە.

### 1-1کێشەی توێژینەوە (The research Problem):

لەبەر ئەوەی ڕۆڵەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی کە دیاری کراون بە کۆمەڵێک ڕۆڵی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵی، وە لەو ڕۆڵانەش بریتیە لە ڕۆڵی نێوەندگیری کە لەسەر ئاستی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەیە هەم تاکەکەسی و گروپەکان و کۆمەڵگەدا، کە پێویستە نێوەندگیر هەمیشە بێ لایەنانە ڕۆڵی خۆی ببینێت. بەشێکی تری ڕۆڵی توێژەر بریتیە لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی سیستەمە خزمەتگوزاریەکان بۆ بەکارهاتووان، هەروەها هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ دیاریکردنی ئەو کاریگەرییەیان وە دەستێوەردانەکانیان (Charles, Z and Karen. K. 1997) بۆیە پێویستە ئەوە بزانین کە ئایا لێژنەی ئاشتەوایی چ ڕۆڵێک دەبینێت لە ئاڕاستەکردنی گیروگرفتە خیزانیەکان، وە ئایا گرنگترین ئەو کۆسپانە چین کە دێنە بەردەم کارەکانی ئەو لێژنەیە، هەروەها گرنگترین کۆسپەکانی بەردەم توێژەر چی دەبێت، بۆیە گرنگە ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن بۆ لێژنەیەکی ئاوا کە بە یاسا ڕێکخراوە. وە پێویستە ئەو پسیارە بوروژێنین کە ئاڕاستە دەکرێت کە ئایا ئەو لێژنەیە چ ئاڕاستەیەکی نێوەندگیری وەردەگرێت و ئەندامەکانی ئەو لێژنەیە تا چەند کاریگەرن لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی نێوەندگیری.

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


## 1-2گرنگی توێژینەوە (the importance of the research):

هەستیاری خێزان وە یەکەیەکی بنەڕەت و دەستپێک لە دروستکردنی تاک پێویستە، وە لە سێکتەرە جیاوازەکان بواری بۆ بڕیخسێت بە شێوەیەکی تۆکمە جێگەی گرنگی و بەیەخەکانی کۆمەڵگەیە بۆ گشت سێکتەرەکان، پاشان یەکێک لەو میکانیزمانەی بەرگریکردنە لە خێزانە، لێژنەی ئاشتەوایی دەرهاوێشتەی ئەو یاسایانەیە بۆ بەرگریکردن لە خێزان، لە ژێر چاودێریکردنی گرنگی پێدان وەک ئاکامێکی پۆزەتیڤی بۆ ڕێگریکردن لە لێکترازان هاتۆتە کایەوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە بابەتێکی گرنگ بکۆڵێتەوە لە ژێر ڕۆشنایی یاسادا و، هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە لەسەر پێکهێنانەوەی خێزانەکان لە ژێر ڕۆشنایی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی خێزانی، کە پەیوەستە بە ژیانی تاکەکانی خێزان و وە خێزانی بە گەشتی وەکو هەستیارترین یەکەی کۆمەڵگا، ئەم توێژینەوە زانیاری وورد دەخاتە ڕوو لەسەر لێژنەی ئاشتاوەیی ئەندامەکانی و ئیش و کارەکانیان.

ئەم توێژینەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو لێژنەیە لە ناوەندی شاری هەولێر و میکانیزمی ئیشکردنیان ووردتر ڕوون دەکاتەوە، هەروەها ئەو توێژنەوە کە بەردەست دەبێت دەبێتە ڕێخۆشکەری یەکەم لە دیاری کردنی پێوەری ڕۆڵە نەرێنی و ئەرێنەکانی ئەم لێژنەی ئاشتەوایە، وە دەبێتە یەکەم توێژینەوەی مەیدانی لەسەر مادەی حەوتەمی توندوتیژی خیزانی و شیکەرەوە و ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی ڕەخنە بگیرێت لەو یاسایە و دووبارە هەمواركردنەوەی ئەو یاسایە دەخاتە بەر باس دەهێنن لە دیتن و پێکهێنانەوەی خێزانەکان.

## 1-3ئامانجی توێژینەوە (the Aim of the research):

گرنگتریین ئامانجەکانی توێژینەوە بریتیە لەو چەند خاڵەی خوارەوە بە پشت بەستن بە تیۆرەکانی کۆمەڵایەتی و تیۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتی.

1. زانینی ڕۆڵی لێژنەی ئاشتەوایی لە پێکهێنانەوەی گیروگرفتە خێزانییەکان لە ناوەندی شاری هەولێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. زانینی کاریگەریە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو خاوەن کێشانەی سەردانی ئەو لیژنەیە دەکەن بۆ چاکبوونەوە.
3. دەرخستنەکانی خەسڵەتەکانی لێژنەی ئاشتەوایی کاریگەری لەسەر ئەم خێزانانەی کە ڕوو لەو دامەزراوەیە دەکەن.
4. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەرک و شوێنەوارەکانی ئەم لێژنەیە لەسەر ئەندامەکانی و ژینگەی خێزانە خاوەن گرفتەکان.

**4- سنووری توێژینەوە:**

لەبەر ئەوەی توێژینەوەکەمان توێژینەوەیەکی مەیدانیە، لە چوارچێوەی سەنتەری شاری هەولێر ئەنجامدراوە، بە کۆی گشتی لە ١٧ ئەندامی لێژنەی ئاشتەوایی (٦) ئەندام چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە وە سێ چینی پیشەیی ئەم لێژنەیە بەڕێوە دەبەن کە بریتیین لە مامۆستایەکی ئاینی، مامۆستایەکی زانکۆ شارەزا لە یاسا، وە توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، ئێمە بۆ هەر یەکێکیان چاوپێکەوتنمان لەگەڵ دوو کەس ئەنجام داوە ، کە ئەندامەکان لە لێژنەی ئاشتەوایی و کە کەیسەکانی سەر بە نووسینگەکانی توندوتیژی لە شاری هەولێر دەبینن، هەروەها (٦) حاڵەتی پێک نەهاتنەوە وەرگیراوە لەگەڵ (٣) حاڵەتی پێکهاتووەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕێژەی پێکهاتنەوە بە پێی داتاکان لە ١٠٪ تێپەڕ ناکات، لەبەر ئەمە سنووری توێژینەوەمان بەو شێوەیە بووە.

## 2-ناساندن و خستنە ڕووی چەمکەکان (concepts):

### 2-1نێوەندگیری:

**بۆ ناساندنی چەمکی نێوەندگیری** بریتییە لە "پرۆسەیەکی خۆبەخشانە کە بەهۆیەوە خەڵک لە ناکۆکیدا گفتوگۆ لەسەر ڕێکەوتنێک یان بەشێک لە ڕێکەوتنێک دەکەن بە هاوکاری نێوەندگر یان یان زیاتر بۆ پرۆسەی گەیشتنە ئەنجام لە کێشەکەیان(Pierson, 2010)." هەروەها **نێوەندگیری** پرۆسەیەکی خۆبەخشانەیە کە نێوەنگیرێک بێ لایەنانە هەوڵی یارمەتی دانی لایەنە

ناکۆکان دەدات بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک کە بۆ هەردوولا قبوڵ بکرێت و ئەو ناکۆکییە بە ئەنجامێکی زۆۆ بگەیەنێت بەبێ ئەوەی پێویست بکات بچێتە بەردەم دادگا. (Rahman, 2012)

**2-2 نێوەندگیر**: ئەو کەسەیە کە بڕیار نادات کێ هەڵەیە و کێ ڕاستە یاخود کێ تاوانبارە و کێ بێ گوناهە، وەک ئەوەی دادەوربێت لە ژوورێک، ئەو کەسە هەوڵی خۆی دەدات بۆ گەیشتن بە ڕازیبوونێکی ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان لایەنەکان(Wilson, 2000) ، هەروەها نێوەندگیر: ئەو کەسەیە کە بێلایانە ڕەفتار دەکات وەکو کەسی سێیەم بەشداری دەکات لە نێوان دوو لایەن بۆ ئەوەی ئاسانکاریان بۆ بکات لە پرۆسەی نێوەندگیریدا. ( Rahman, 2012).

**2-3 خێزان**

چەمکێکی دیمان بریتیە لە خێزان: لە کۆمەڵگەی مرۆڤدا خێزان یان خانەوادە بە کۆمەڵێک ئادەمیزاد دەگوترێت کە لە ماڵێکدا پێکەوە دەژین چەندین پەیوەندیی بەهێز بە یەکیانەوە دەبەستێت وەک پەیوەندی خوێن، ژن و ژنخوازی، شوێنی ژیانی هاوبەش، خزمایەتی، زمان، کلتوور، نەریت، خێزان یەکەی بنچینەی کۆمەڵگەیە، بە کارگەی بەرهەمهێنان و پەروەردەکردنی مرۆڤ دادەنرێت و ئۆرگانێکی گرنگی بەخێوکردن و پەروەردە و ڕاهێنانی ژیانی ئاییندەی نەوەکانە (زاهید حسن ، سۆما سەرحەد, ٢٠١٨). خێزان بریتیە لە کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆی ناو کۆمەڵگە، لەسەر چەند ڕەگەزێکی بایلۆژی و دەروونی و کلتووری دروست بووە، هەموو ئەندامانی وابەستەی یەکدین، یەکەیەکی سەرەکیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، دەزگایەکە لە دەزگا کۆمەڵایتیەکان و بگرە گرنگترین دەزگایە، هەڵقولاوی بارودۆخۆکێکی کۆمەڵایەتی خۆرسکە وە یەکەم هەنگاوی ژیانی تێدا دەست پێدەکەین. (محمود, ٢٠١٤)ز

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-4 میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی وەسفی دیارترین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانە، بە تایبەتیش لە بواری پەروەردە و کۆمەڵناسی وراگەیاندنا، بەرفراوانترین میتۆدە، تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر دیاردە و ڕووداوەکانی ئێستا دەکەنەوە. (بۆکانی, ٢٠٢٠)

هەروەها میتۆدی وەسفی توێژینەوەی کوالێتی هەوڵێکی ڕەنگدانەوەیە، لێکدەرەوە، وەسفیی و عادەتەن بۆ باسکردن و تێگەیشتن لە نموونەی ڕاستی کردار و ئەزموون لە ڕوانگەی ئەو بەشداربووانەوە کە بە بارودۆخێکی دیاریکراودا دەژین.(Fischer, 2006)

بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت مانگ کارم لەسەر ئەو تویژینەوەیە کردوە، بە ڕێگای وەسفی ئەم توێژینەوە ئەنجام دراوە، هەروەها بەمەبستی توێژینەوەیەکی زانستی و کۆکردنەوەی داتای ڕاست و دروست هەردوو شێوازی چاوپێکەوتن و چاودێریکردن بەکارهاتووە، کۆمەڵێک پرسیاری جۆراوجۆر ئاڕاستەی ئەندامانی لێژنەکە کراوە لەو چاوپێکەوتنانەدا، وە هەڵسام بە ئەنجامدانی.

## 2-5 گرنگترین ئامرازە بەکارهاتووەکانی توێژینەوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان:

چاوپێکەوتن(interview): ئامراز و کەرەستەیەکی زانستییە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە ئەندامانی سامپڵ و کۆمەڵگەی توێژینەوە. ئەم ئامرازە لە کۆمەڵێک برگە و پرسیار پێکدێت کە ئامانجەکانی توێژینەوە بەدی دەهێنێت، توێژەر ئاڕاستەی چەکەسێک یان چەند کەسێکی دەکات و وەڵامەکان وەردەگرێت. (بۆکانی, ٢٠٢٠, لاپەڕە ١٣٤)ز

چاوپێکەوتن هەموو ئەو دیتنە تاکە کەسیانە دەگرێتەوە کە توێژەر ئەنجامی دەدات بۆ دەستکەوتنی زانیاری و گۆڕینەوەی بیروڕا و لەسەر بابەتەکانی توێژینەوە، وەرگرتنی زانیاری کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەو چاوپێکەوتنە تاکە کەسیانە دەبێت و بەشێکی سەرەکی توێژینەوەی وەسفیە. وە گرنگە توێژەر گرنگی بە بنەما سەرەکیەکانی چاوپێکەوتن ببەستێ لە توێژینەوەکەیدا، ئەوەی گرنگە لێرە بۆ من وەکو توێژەرێک بریتین لە دیاریکردنی ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنەکەیان لەگەڵ ئەنجام دەدەین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**چاودێری کردن(Observation):** چاودێریکردن، وەک شێوازێک بۆ کۆکردنەوەی داتای توێژینەوە، بریتییە لە چاودێریکردنی ڕەفتار و بە شێوەیەکی سیستماتیک ئەنجامەکانی ئەو تێبینیانە تۆمار دەکات. (Nueman, 2006).

ئەمەش لە کاتێکدایە کە پێویستە ئەو چاودێری کردنە دیاری بکرێت کە ڕاستەوخۆ دەبێت یانا ناڕاستەوخۆ. وە گرنگتریش لەوە پێویستە لە کاتی چاودێری کردن توێژەر ئەو پرسیارە ئاڕاستە بکات کە دەیەوێت  چی چاودێری بکات و وە چاودێری کێ بکات.(A.Black, 1976) .

### 2-6ئالەنگەریەکانی بەردەم توێژینەوە:

- دەستکەوتنی کەمی سەرچاوە کوردیەکان کە وەکو زمانی دایک، بە تایبەتیش لە بواری کاری کۆمەڵایەتی، کە بەداخەوە سەرچاوەکان وەکو پێویست نین هەم لە لایەنی نووسین و دارشتنی توێژینەوە هەم لایەنی پەرتوکی کاری کۆمەڵایەتی.
- کێشەی چاوپێکەوتنەکان، کە ئەوانیش هەم لە ئەندامانی لێژنە هەم لە کەیسەکان، لە ئەندامانی لێژنە چاوپێکەوتنەکان لە وەڵامدانەوی پرسیارەکان زۆر نەدەچونە ناو بابەتەکان چونکە پرسیاری کراوە بوو، دواتر لە کەیسەکان بە ئاسانی ڕازی نەدەبوون و کاتیان نەبوو بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن ئەنجام بدەن.
- ئاستەنگێکی تری مەیدانی لە کاتی چاوپێکەوتنەکان، لا ئاڕاستەکردنی پرسیارەکان، هەر چەندە پرسیارەکان ساناهی و سادە بوون، بەڵام ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەشتنی وەڵامدەرەوەکان وەک پێویست نەبوو بۆیە، بە ماندووبونێکی زۆرەوە ئەو چاوپیکەوتنانەوە هەڵبأێردران کە پوخت و ئاستی تێگەشتنیان باشتر بوو.
- ئاستەنگێکی تر لە کاتی چاوپێکەوتن و کاری مەیدانی، هەستیاری بابەتی خاوەن کێشەو لێکترازاوەکان بوو، کە بواری نەدەدا چاوپێکەوتن لەگەڵیان ئەنجام بدرێت، هەم لەبەر هەستیاری کێشەکەیان هەم لەبەر لایەنی مۆڕاڵی بابەتەکە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-1 شیکردنەوەی ئەنجامەکان بە پێی ئامانجی توێژینەوە:**

**ئامانجی یەکەم:زانینی ڕۆڵی لێژنەی ئاشتەوایی لە پێکهێنانەوەی گیروگرفتە خێزانییەکان لە ناوەندی شاری هەولێر:**

**ئەندامانی لێژنە** :لە پرسیاری یەکەم سەبارەت بە ئەندامانی لێژنە لە سەر پسپۆری کاری خۆیانە؛ وێڕای شارەزایی بوونیان لە کاری ئەم لێژنەیە، کە پێکهاتوون لەم پسپۆڕیانە (یاسای نێودەوڵەتی- شوێنی کارکردن: زانکۆی سەلاحەدین، یاسا- کۆلیژی یاسا زانکۆی سەلاحەدین ، کۆمەڵناسی- شوێنی کارکردن:چاکسازی ژنان و منداڵان، پێشنوێژ و وتارخوێن- شوێنی کارکردن: وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، دەرونزانی کلینیکی- شوێنی کارکردن: چاکسازی ئافرەتان) بە پێی ئەم پسپۆڕیانەی کە هاتووە پێدەچێت شیاو بن بۆ ئەم لێژنەیەو بتوانن کاری خۆیان بە شێوەیەکی دروست ڕایی بکەن.

**ناکۆکی سیاسی لە نێوان ئەندامانی لێژنە** :سەبارەت بە پرسیاری دووەم کە تەوەری بوونی ناکۆکی سیاسی لە نێوان ئەندامانی لێژنەی لە خۆوە گرتووە، بەم شێوەیە داڕێژراوە: (تا چەن هەست دەکەی کە ناکۆکی سیاسی هەبێت لە نێوان ئەندامانی لێژنە؟) هەموو ئەندامانی لێژنە کۆکن لە سەر نەبوونی هیچ ناکۆکی سیاسی لە نێوانیان، واتە: سیاسەت نەبووەتە هۆی بوونی ناکۆکی یان بڕیاردان لە دژی یەکتر؛ بەڵام جیاوازی بینین و دیدگاو تێڕوانین بوونی هەبووە، لە دواجار بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکان وەک یەک تیم کاریان کردووە. هەروەها ئەگەر ناکۆکی سیاسی هەبێت ئەوە کاریگەردەبێت لەسەر ئەدا و ڕۆڵی لێژنەکەو نێوانی ئەندامەکان وە لە قاڵبی نێوەندگیری دەردەچێت.

**جیاوازی کۆمەڵایەتی** :سەبارەت بە پرسیاری سێیەم کە پەیوەستە بە بابەتی جیاوازی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەندامانی لێژنە، ئەوا گشتیان پێیان وایە جیاوازی نیە؛ بەلکو ئەوەی دیدگای هەیە لە بواری دەروونزانی کلینیکی و، شارەزایی هەیە لە بواری چاکسازی ئافرەتان کاردەکات زیاتر ئەمە دەدرکێنێ، ساتێک دەڵێت: هەردوو ڕەگەز وەکو یەکتر ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن

و زۆر بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن و زۆر بە ڕێکوپێکی کارەکان ئەنجام دەدرێت – جوانی لیژنەکە لەوەیە ژن و پیاو پێکەوە ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن جیاوازی نیە، کە ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە خاڵێکی ئەرێنی بۆ پرۆسەکە.

**کێماسی ڕێژەی پێکهاتنەوەیە لە نێو خێزاندا :** سەبارەت بە پرسیاری هەشتەم (بە پێی داتاکانی لەبەر دەستە ڕێژەی پێکهاتنەوە کەمە ئایا کەمی ڕێژەی پیکهاتنەوە بۆ چی دەگەڕێنیەوە؟)، کە ئەم پرسیارە لە سەر کێماسی ڕێژەی پێکهاتنەوەیە لە نێو خێزاندا، لێرەدا هەموو بەشداربووان لە سەر ئەوە کۆکن کەوا یاساکە لاوازە لە دیاریکردنی ڕۆڵی لێژنەکە، سەرباری ئەمەش ڕۆڵی لێژنەکە دوا وێستگەیە، تا دەگاتە لێژنە زۆرینەی شتەکان یەکلایی دەبێتەوە. هاوکات، بوونی پەنجا ساڵەی جەنگ و سەرهەڵدانی گروپە تیرۆریستیەکان و ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەیە لە سەر بیرکردنەوەی ئەوانەی پەنا بۆ دادگا دەهێنن، سەرباری ئەمانەش کوردستان تا ئێستا قۆناغی عەشیرەتگەری و پیاو سالاری تێپەڕنەکردووە، هەروەک پسپۆری دەرونزانیە کلینکیەکە دەڵێت: ئەگەر پیاوێک زیندانی کراو کەلەبچەی لەدەست کراو و بریندارکرا، زەحمەتە قبوڵی ئەوە بکات کە پێک بێنەوە.

**ب- دەرخستنی خەسڵەتەکانی لێژنەی ئاشتەوایی کاریگەری لەسەر ئەم خێزانانەی کە ڕوو لەو دامەزراوەیە دەکەن:**

**ڕۆڵی نێوەندگیری:** سەبارەت بە پرسیاری دەیەم کە پەیوەستە بە ڕۆڵی نێوەندگیری و، دارشتنەکەی بەم شێوەیە کراوە: (دەکرێت پێناسەیەکی ڕۆڵی نێوەندگیری بکەیت؟)، ئەندامان لێژنە هەر یەکەو لە ڕوانگەی پسپۆڕی خۆیانەوە پێناسەیان کردووە، بەڵام گشتیان لە سەر ئەمە کۆکن کەوا نێوەندگیری بریتیە لە دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و,ئاشتەواییکردن و, چارەسەرکردن و, گەیشتن بە ئەنجام.بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە بۆ منی توێژەر ئەندامانی لێژنە تاوەکو ئێستاش ئاگادارنین لەو پرۆسەیەی ئەوان ئەنجامی دەدەن پرۆسەیەکەی نێوەندگیریە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ڕۆڵی یاسا :** سەبارەت بە پرسیاری یانزدەهەم، کە پەیوەستە بە ڕۆڵی یاساو، بەم شێوەیە داڕێژراوە (دەکرێت بۆمان باس بکەی کە ڕۆڵی یاسا چیە لە پرۆسەی نێوەنگیریدا؟)، پێنج بەشداربوو لە کۆی شەش کە ڕێژەی 83.3% بەشداربووان پێک دەهێنن ڕۆڵی یاسا بە ئەرێنی دادەنێن، پێیان وایە کەوا هەموو بابەتەکان بە یاسا ڕێك خراون و، یاسا ڕۆڵی خۆی هەیە و، دۆسیەکان لە سۆنگەی (مادەی ٧ ی خێزان) وە دەڕوات و، بڕگە ماددەکان لە لایەن پسپۆڕی یاسایی ڕوون دەکرێتەوە، لەمە زیاتر خودی ئەم لیژنەیە بە یاسا دامەزراوە و لە پەرلەمان پرۆژە یاسای بۆ کراوە و بڕیارەکان لە سۆنگەی یاسا بۆ دادوەر ڕەوانە دەکرێتەوە و بڕیاری لەسەر دەدرێت. بۆیە ئەندامانی لیژنە ڕاپۆرتی خۆیان بۆ دادوەر بەرز دەکەنەوە و هەموو بابەتەکان لە سۆنگەی یاسا جێبەجێ دەکرێ.

لە بەرامبەردا، پسپۆڕ لە بواری دەرونزانی کلینیکی و لە چاکسازی ئافرەتان ئەو جیاوزاتر بیردەکاتەوە کە ڕێژەی بیخەرە()ئەندامانی لیژنە پێکدەهێنێت، پێیوایە یاسا ئەرکی ئەوانی قورس کردووە، چونکە هەندێک جار بەهۆی ئەزیەت خواردنی کەیسەکە ناتوانین ئاشتەوایی تێدا بکەین و کەیسەکە دڵشکاوە لە بەرامبەری یاسادا.

هەروەها تێڕوانینی من بۆ شیکردنەوەی ئەو پرسیارە زۆر جیاوازترە، من پێم وایە یاساکە لێرەدا وەکو خۆی بەکارنەهاتووە، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەقی یاساکە ئەوا دەبینین، لە یاساکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەو یاسایانەی ئاشتەوایی تێدا ئەنجامدەدرێت پێویستە ڕەوانەی ئەو لیژنەیە بکرێت، وە مەرجی ئەوەشی بۆ دانراوە کە نابێت کاریگەری هەبێت لە ڕێکارەکانی کەیسەکەدا.

**گرنگترین ئەو کێشانەی دێنە لای ئەندامانی لیژنە** :سەبارەت بە پرسیاری سیانزدەهەم کە پەیوەستن بە گرنگترین ئەو کێشانەی دێنە لای ئەندامانی لیژنە کە بەم شێوازە پرسیارەکە داڕێژراوە (گرنگترین کێشەکانی دێن بۆ ئەو لیژنەیە چین؟)، لێرەدا کەیسەکان جۆراو جۆرن؛ بەڵام گرنگترین و دیارترینیان کەوا ئەندامانی لیژنە ئاماژەیان پێکردووە بریتین لە ( کەیسەکانی ژن و پیاو، هێنانی ژنی دووەم، کێشەی باوک و کوڕ و خزمانی پلە یەک و دوو سێ و، دەرمان و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، میرات و ناپاکی هاوسەرگیری)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەهرە و کارامەیی** :سەبارەت بە پرسیاری شەشەم کە تەوەری بەهرە و کارامەیی لە خۆگرتووە لە نێو ئەندامانی لیژنە، لێرەدا ئەندامانی لێژنە جەختیان لەمە کردەوە کە هەریەکەو بە پێی پسپۆری شارەزایی و کارامەیی خۆی چارەسەری کێشەکان دەکەن، وە هەمووشیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەشی سەرەکی چارەسەرن بە کارامەییەکانیانەوە.

**ج- سەبارەت بە زانینی کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو خاوەن کێشانەی سەردانی ئەو لیژنەیە دەکەن بۆ چاکبوونەوە ئەوا:**

**ئارێشەی سایکۆلۆجی** :سەبارەت بە پرسیاری چوارەم، کە پەیوەستە بە تێکەڵبوونی ئەندامانی لێژنە بەو کەسانەی ئارێشەی سایکۆلۆجیان هەیەو، بەم شێوەیە دارێژراوە: چۆن تێکەڵی ئەو کەسانە دەبن کە هەست دەکەن کێشەی سایکۆلۆجیان هەیە؟ گشتیان لە وەڵامی ئەمە مامەڵەکردنی ئەم جۆرە کەیسە بە سەخت دەزانن، لێرەدا جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە کەوا لە لێژنەکەدا ئەندامێکی لێژنەکە پسپۆڕی دەروونی هەیە،لە ڕێگەی تەکنینکی تایبەتەوە دەچێتە ناو بابەتەکە و پرسیاری دەروونی ئاڕاستە دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخە دەروونیەکە. ئەمە وێرای گەڕانەوەیان بۆ ڕاپۆرتەکانی ناو فایلی کێشەکە، بەڵام ڕستەکە شیاو نیەهەندێک جار وەک پسپۆرە دەرونزانیە کلینیکە ئاماژەی پێکرد،ئەوەی نوسراوە جیاوازە لەو بابەتەی کە دیاری کراوە بۆ ناو کێشەکان، دەبینی ئەو کەسە کە دێتە بەردەمی لێژنە زۆر جیاوازە لەوەی کە نوسراوە لەسەر باری دەروونیەکەی، بۆیە ئێمە هەندێک جار داوا دەکەینەوە، کە بە ڕاپۆرتەکەی تەندروستیدا بچنەوە کە بابەتی ئێمەش نیە.

**پێکهێنانەوەی خێزانە لێکترازاوەکان** :سەبارە بە پرسیاری پێنجەم کە پەیوەستە بەو میکانیزمانەی بەکار دەهێنرێن بۆپێکهێنانەوەی خێزانە لێکترازاوەکان، ئەوا لە وەڵامەکانیان هەموویان کۆکن لە سەر دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و، دیاریکردنی خاڵە ئەرێنی و نەرێنیەکان، هەر کەسەو بە پێی پسپۆڕی خۆی دەچێتە ناو بابەتەکان، مامۆستای ئاینی پشت بە چەمکی ئاین دەبەستێت و باسی ئەو ئایەت و حەدیسانە دەکات کە ئاشتەوایی خێزانی لە ئامێز دەگرن،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاساناس باسی دەرەنجامی ئەو کێشانەیان بۆ دەکات، کۆمەڵناس باسی ئەوەیان بۆ دەکات کە ئەگەر کیشەکان چارە نەکرێن منداڵەکان و خۆشیان سەرگەردان دەبن و خانەوادەیەك لە کۆمەڵگا هەڵدەوەشێتەوە. هەندێك جار کاتیان پێدەدەن؛ چونکە زۆر جار کات هۆکارە بۆ چارەسەر، یان داوایان لێدەکەن ژن و مێرد بە تەنها بەیەکەوە دابنیشن .

**جۆریەتی بەکارهێنانی ووشە:** لەم وەڵامی پرسیاری پێنجەم بەوەی کەوا ئایا ئەندامانی لێژنە ووشەی بێزارکەر یان بریندارکەریان بەکارهێنا ؟ کۆی گشتیان کە دەکاتە رێژەی 100% لە سەر ئەوە کۆک بوون کە ووشەکانیان نەک بێزارکەر و بریندارکەر ببێت بەڵکو زۆر شیاوو و جوان بوو، تەنانەت یەکێک لە مان شێوازی دەربڕینیان بە میهرەبانی وەسف دەکات، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کەوا ئەندامانی لێژنە شارەزایی جوان دەربڕین، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە سەر وەرگر؛ چوون هەم خەندەو هەمیش قسە لە دڵەوە دەچێتە دڵەوە. بەڵام ئەگەر بگەڕێمەوە سەر ئەو کاتەی کە من وەکو تویژەر چاودێری پرۆسەکەم دەکرد لە کاتی نەهاتنی ئەندامێکی لێژنە ئەوا، ئەندامێک لە فەرمانگەکە دەهات و کاری پێکهێنانەوەی ئەنجام دەدات، وە ئەو بەڕێزانە وشەی بریندارکەری بەکارهێنا بەرامبەری کەسەکان.

**رۆڵ بینین لە نێوندگیریدا**؛سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری حەوتەم (ئایا وەکو ئەندامێکی لێژنە چ رۆڵێک دەگێڕن لە نێوەندگیریدا؟)، کە تایبەتە بە تەوەری رۆڵ بینین لە نێوندگیریدا، لێرەدا گشت ئەندامانی لێژنە جەختیان لە سەر ئاشتەوایی و پێکهێنانەوەی خێزان کرد بە هەر رێگەیەکی دروست بێت کە ببێتە مایەی نزیکبوونەوەو دووبارە بونیادنانەوەی خێزانیان هەرچەندە ئەوەی پسپۆڕە لە بواری دەرونزانی کلینیکی و لە چاکسازی ئافرەتان کاردەکات سەختی بابەتەکەی نەشاردەوەو، دەڵێت: ڕاستی قورسە وەڵامی ئەم پرسیارە؛ چونکە هەندێک جار کاتێک کەیسێک دێت لەوانەیە کاریگەربێت لەسەر لایەنی سۆزداری بۆیە بڕیاری لێنادەم، ئەوە دەیسەلمێنێت کە ڕۆڵبینین لەو بابەتی پێکهاتنەوەیەدا ئاسان نابێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گەرەنتی دووبارە دەروونی** : لە هەمبەر پرسیاری هەشتەم کە دەربارەی گەرەنتی دووبارە دەروونیە، ساتێ دەڵێت : لە ڕووی دەروونیە هەستت چۆن بوو کاتێک ڕووبەڕووی ئەو کەسە بوویەوە کە کێشەت هەبوو لەگەڵی؟؟

لێرەدا سێانیان بە راستەوخۆ، دەڵێن: لای من هەستێکی زۆر نۆڕماڵ و ئاساییە چونکە هەموو شتێک کۆتایی هاتووە. کە ئەمەش رێژەی 37.8% پێکدەهێنێت. بەمەش هەستی دەرونیان نۆرمالەو نە ئەرێنیەو نە نەرێنیە، گرنگیەکی ئەوتۆ بە کەسی بەرامبەر نادات و لای گرنگ نیەو، بێباکە لێی.

هاوکات چوار لەمانیش لە ڕووی دەرونیەوە پێیان خۆش نەبووە ، تەنانەت بەشێکیان بە شلەژانی وەسفیان کردووە، کە ئەمەش رێژەی 50% پێکدەهێنێت، بەڵام لە دواجار ئەم بەشداربووانە بۆ بەرگری کردن لە خۆیان ئاسایی و بەهێز دەردەکەون. یەکێ لە بەشداربووان هەستێکی خۆشی هەیە، ساتێک دەڵێت : هەستێکی باش بوو چونکە بە پێکهاتنەوە کۆتایی هات. بەمەش هەستێکی ئەرێنیە، کە ئەمەش رێژەی ٪12.5 پێکدەهێنێت لە کۆی بەشدارابووان. یەکیان زیاتر لەمە دەڵێت دڵخۆشکەر کە ئەمەش رێژەی 50% بەشداربووان پێک دەهێنێت، هاوکات دەڵێت: یارمەتیدانێکی مرۆڤایەتیە بەڵام کاتەکەی ئیش کردنیان لەسەری درەنگە، ئەوان درەنگ دەگەنە ئەوەی کە هەوڵی پێکهێنانەوە بدەن. ئەمەش هەر تێڕوانینی ئەرێنیە کەئەمەش رێژەکەی لە بەشداربووان 12.5% پێکدەهێنێت، بەشداربوویەکی دیکە پێیوایە کە بە بوونی ئەم دامەزراوەیە هەست دەکەی دامەزراوەیەکی فەرمی هەیە یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی کێشەکانت چارەسەربکرێت، کە خزمەتێکی ئینسانیە بۆ ئەوەی شیرازەی خێزان تێک نەچێت. ئەم بۆچوونەش خۆی لە خۆیدا ئەرێنیە سەرباری تێبینیەکان. کە ئەمەش رێژەی 12.5 لە کۆی گشتی بەشداربووان پێکدەهێنێت. بەشداربوویێکیدیش رای ئەندامانی لێژنە بە بێ لایەن وەسف دەکات لە کۆی گشتیدا، ساتێک دەڵێت: بێ لایەنی چۆنە من دادخوازبووم و تۆمەتبار پیاوەکەم بوو لە شتە ڕاستەکان بێ لایەن بوون، بەڵام لە هەندێک شتیش کە قبوڵکراو نەبوو لە بەرژەوەندی من قسەیان دەکرد. بۆچوونی ئەم بەشداربووەش لە دواجاردا ئەرێنیە کە ئەمیش رێژەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

12.5% پێکدەهێنێت.بەم پێودانگە زۆرینەیان بۆچونیان ئەرێنیە، ئەمەش لە دواجار سەرکەوتوویی ئەندامانی لێژنە لە بەڕێکردنی کارەکانیان دەگەیەنێت.

**ڕاستگۆیی لێکترازاوەکان:** سەبارەت بە پرسیاری نۆیەم کە دەربارەی ڕاستگۆیی لێکترازاوەکانە، کە بەم شێوەیە داڕێژراوە (پێتوایە ئەندامە لێکترازاوەکانی خێزانەکان ڕاستگۆیانە دەدوێن لە بەرامبەری ئێوە؟ وە قسەکانیان تا چەند یارمەتی دەرن لەسەر پێکهێنانەوەیان؟) زۆرینەی ئەندامانی لێژنە لە سەر خالە گشتیەکان کۆکن کەوا هەر لایەنێک هەوڵدەدات لە بەرژەوەندی خۆی قسە بکات، ئەمە جگە لەوەی پێویستە ئەندامان زۆر لێزانانەو کارزانانەو بابەتیانە بن، بە ووردی لە سەر بابەتەکە بدوێن و نەکەونە ژێر رکیفی سۆزەوە؛ گەر نا بڕیاری نادروست دەدەن. لێرەدا، ئەوەی دیدگایەکی کۆمەڵناسیانەی هەیە خاڵیکی جیاوازتر دەوروژێنێت، ئەویش ئەوەیە کەوا بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری خێزانەکان دەگۆڕێت، ئەگەر ڕاستگۆیانە بدوێن هەنگاو بۆ چارەسەر ئاسانترە؛ بەڵام وەک یەکێک لە ئەندامان کە پسپۆر لە یاسای نێودەوڵەتی یە دەڵێت ئەمانە ڕێژەی پێکهاتنەوەیان کەمە چونکە کێشەکان یەک کەیس نین، خاوەنی کێشەکان چەندان پەڕاوی تریان هەیە لە دادگا، بۆیە ئاسان نیە پێکهاتنیان.

**ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی یان توێژەرانی دەروونی** :پرسیاری دوانزدە کە پەیوەستە بە ڕۆڵی کارمەندانی کۆمەڵایەتی، کە بەم شێوەیە داڕێژراوە (ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی یاخود توێژەرانی دەروونی چیە لە پرۆسەی نێوەندگیریدا؟) هەموو ئەندامانی لێژنە لە سەر ئەوە کۆکن کەوا ڕۆڵێکی زۆر باش و ئەرێنیان هەیە لە ڕەخساندنی کەشێکی ئارام و ئەرێنی؛ وێڕای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی تێڕوانینی کۆمەڵگە لەسەر بابەتەکان.

**ێژنەی ئاشتەوایی**:سەبارەت بە پرسیاری چواردەهەم کە پەیوەستە بە لێژنەی ئاشتەوابی کە بەم شێوەیە داڕێژراوە (لێژنەی ئاشتەوایی وەکو دەزگایەکی میری چ خزمەتگوازریەک پێشکەش دەکات؟)، ئەندامانی لێژنە لە سەر ئەمە کۆک بوون کەوا کارەکەیان بریتیە لە ئاشتەوایی و،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خزمەتگوزرای یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئایینی لە رێگەی ئەندامانی لێژنەوە پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکرێت، ئەمە وێڕای چارەسەر کردن و سنوردار کردنی توند و تیژی و سەرپەرشتی کردنی کەیسەکان.

**زانیاری لە سەر مۆدێل و میکانیزمی پێک هاتنەوە کۆمەڵایەتیەکان** :سەبارەت بە پرسیاری پانزدەهەم کە پەیوەستە بە بوونی زانیاری لە سەر تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان کە بەم شێوەیە دارێژراوە (تا چەند زانیاریت هەیە لەسەر گرنگترین مۆدێل و میکانیزمەکانی پێکهاتنەوە کۆمەڵایەتیەکان؟ بە تایبەتیش ئەوانەی لەسەر چارەسەکردنی کێشەکانن.) لێرەدا سێ لە ئەندامانی لێژنە کە رێژەی 50% بەشداربووان پێکدەهێنێت بە شێنەیی دەڵێن هیچ زانیارەیەکیان دەربارەی مۆدێلە کۆمەڵایەتیەکان نیە، هاوکات سێ لە ئەندامان شارەزاییان هەیە کە رێژەی 50% پێکدەهێنێت، ئا لێرەدا لە رووی یاساییەوە کە لەڕوانگەی پسپۆڕیکی یاساوە ،بەمجۆرە شارەزای هەیە کە دەڵێت: شارەزاییم هەیە لە تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان و ئابورییەکان؛ چونکە من بابەتی پسپۆڕیم. هاوکات، لە ڕووی کۆمەڵناسیەوە، توێژەرێکی ئەم بوارە و شارەزایی چڕ بووەتەوە لە تیۆریی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی و تیۆری ململانێ و ڕۆڵ و وەزیفی لە نێو دونیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ لە پاڵ ئەمانەدا، ئەو ئەندامەی پاشخانێکی ئاینی هەیە و، ئاماژە بەوەدەکات کەوا لە سۆنگەی بۆچوونەکانی جۆهن ڕۆتزر کە ئەو پێی وایە تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان پشت دەبەستن بە شێوازی کۆمەڵایەتی لە نێو خێزانەکان و، خێزانەکانیش بە گوێرەی قەبارە دابەش دەکات ، گەورە و بچووك و هەروەها ئە فاکتەر و کاریگەریانەی پەیوەستن بە چارەسەر کردن. تا ڕادەیەك شارەزاییم هەیە لەسەر تیۆرەکان.

بەڵام ئەگەر سەیر بکەین دەبینین ئەندامانی ئەو لێژنەیە بێ ئاگان لە مۆدێل و تیۆرە نوێیەکانی کاری کۆمەڵایەتی و پێکهاتنەوە لەسەر ئاشتەوایی، کە لە ئەزەلەدا بەشێکی گرنگە بۆ پێکهاتنەوە خێزانیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**د- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەرک و شوێنەوارەکانی ئەم لێژنەیە لەسەر ئەندامەکانی و ژینگەی خێزانە خاوەن گرفتەکان:**

**پێکهێنانەوە لە نێوان ئەندامانی خێزان** :لەم وەڵامی پرسیاری یەکەم، لەم پرسیارە ئەوانەی پەیوەستە بە پێکهێنانەوە لە نێوان ژن و مێرد، لە کۆی شەش پرسیار پێنجیان پەیوەستە بە پێکهێنانی ژن و مێردەوە، لەو پرسیارەدا سێانیان لە کۆی پێنج کەس کە ڕێژەی 60% پێکدەهێنێت پێیان وایە کێشەکەیان زۆر قوڵترە لەو لێژنەیە، دیارە لێژنە نەیانتوانیوە باوەڕیان پێ بێنێت ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەیەو ئەوانە بە پێی ئاوازی قسەکانیان وا دەردەکەوێت کە پێشوەختە بڕیاری جیابوونەوەیان داوەو، هەموو شتێک لای ئەوان کۆتای پێهاتووە؛ بۆیە لێژنەکە هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەداوەتە دەستەوە.

لە بەرامبەردا، دوو لە کۆی پێنجیان بڕیاری گەڕانەویان داوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لێژنەکە توانیوەتی قەناعەتیان پێبهێنێت، ئەمە لایەک، لایەکەی دیکە ئەوانە بڕیاری پێشوەختەیان نەداوە، ویستی ئاشتبوونەوەو بە یەکەوە هەڵکردنیان هەیە و، نایانەوێت ژیانی هاوسەریان بەرەو هەڵدێر بڕوات.

هاوکات، ئەوەی پەیوەستە بە کێشەی کوڕەکەیەوە دیارە خۆی نەیتوانیوە بە سەر ڕێنمووی کردنی کوڕەکەی سەرکەوتوو بێت؛ بەڵام دوای ئەوەی کە بینیویەتی کوڕەکەی تا ئەندازەیەک سزاکەی وەرگرتووە و پەشیمانە، باوکەکەش تەنها مەبەست لێی تەئدیبکردنە؛ بۆیە بە بڕیاری لێژنەکە ڕازی بووە.

**ڕێژەی کاریگەربوونی ئەندامانی لێژنە لەسەر پێکهاتنەوە:** لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا، ئەم پرسیارە کە پەیوەستە بە قسەکانی ئەندامەکانی لێژنە و ڕێژەی کاریگەربوونیان لەسەر پێکهاتنەوەکان، لێرەدا پرسیار لێکراوەکان لە قۆناغی پێش ئامادەیی تێدایە تا دەگاتە خوێندنی باڵا، گشتیان لە سەر ئەوە کۆکن کە ئەم لێژنەیە خەڵکی باشی تێدایەو، شێوازی قسەکردنیان باشە و بەڕێزن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەوانەی بڕیاری پێش وەختەیان داوە کە ڕێژەی 50%

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکدەهێنیت لە پرسیارلێکراوان، ئەوا قسەی ئەندامانی لێژنە کاریگەری نەبوو بە هێچ جۆرێک لە سەریان.

**لێژنەی ئاشتەوایی :** لەم وەڵامی پرسیاری سێیەمدا، کە پەیوەستە بەوەی لێژنەی ئاشتەوایی فاکتەری پێکهاتنەوەتان بووە، یاخود لە دەرەوە هەوڵدرابوو. لەم کەیسەدا، ئەوا سێیانیان راستەوخۆ لە لێژنە بڕیاری پێکهاتنەوە داوە کەوا رێژەی 37.5% لە کۆی گشتی پێکدەهێنێت، هەر چەندە لە دەرەوەش هەوڵدرا بوو؛ بەڵام ویستی ئەوان ئەوە بوو لە لێژنە پێکبهێنەوە، هاوکات ئەوانی دیکەش ئەوا بڕیاری پێشوەختەیان دابوو، پێیان وایە کە کێشەکەیان زۆر لەوە قوڵترە لە کاری لێژنە.

**هەڵسوکەوت و شێوازی ئەندامانی لێژنە:** لەم وەڵامی پرسیاری چوارم سەبارەت بە هەڵسوکەوت و شێوازی ئەندامانی لێژنەکە و قسەکردنیان چۆن بوو، کۆی گشتیان کە دەکاتە رێژەی 100% لە سەر ئەوە کۆک بوون کە قسەکانی ئەندامانی لێژنە رێزو جوانی هەڵسوکەوت و گوێگرتنیان هەبووە بۆیان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئەندامانی لێژنە ئیتیکی مامەڵەو رێزلێنان و چۆنیەتی مامەڵەو ناسینی کەسایەتیان لە ئاستێکی باشدا بووە.

**هەستکردن:** سەبارەت بە پرسیاری شەشەم کە دەربارەی هەستە و، دەڵێت : هەستت بە چی کرد کاتێک لە پێش لێژنەیەکی کە هەوڵی پێکهێنانەوەتان دەدەن؟ لێرەدا سێیانیان بە راستەوخۆ، دەڵێن هەستێکی خۆشەو یەکیان زیاتر لەمە دەڵێت: دڵخۆشکەرە، کە ئەمەش رێژەی 50% بەشداربووان پێک دەهێنێت، هاوکات دەڵێت: یارمەتیدانێکی مرۆڤایەتیە بەڵام کاتەکەی ئیشیان کرد لەسەری درەنگە، ئەوان درەنگ دەگەنە ئەوەی کە هەوڵی پێکهێنانەوە بدەن. ئەمەش هەر تێڕوانینی ئەرێنیە کەئەمەش ڕێژەکەی لە بەشداربووان 12.5% پێکدەهێنێت، بەشداربوویەکی دیکە پێیوایە کە بە بوونی ئەم دامەزراوەیە هەست دەکەی دامەزراوەیەکی فەرمی هەیە یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی کێشەکانت چارەسەربکرێت، کە خزمەتێکی مرۆڤایەتییە بۆ ئەوەی شیرازەی خێزان تێک نەچێت. ئەم بۆچوونەش خۆی لە خۆیدا ئەرێنیە سەرباری تێبینیەکان. کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەش رێژەی 12.5 لە کۆی گشتی بەشداربووان پێکدەهێنێت. بەشداربووێکیدیش رای ئەندامانی لێژنە بە بێ لایەن وەسف دەکات لە کۆی گشتیدا، ساتێک دەڵێـت: بێ لایەنی چۆنە من دادخوازبووم و تۆمەتبار پیاوەکەم بوو لە شتە ڕاستەکان بێ لایەن بوون، بەڵام لە هەندێک شتیش کە قبوڵکراو نەبوو لە بەرژەوەندی من قسەیان دەکرد. رای ئەم بەشداربووەش لە دواجاردا ئەرێنیە کە ئەمیش رێژەی 12.5% پێکدەهێنێت.

بەم پێوەدانگە، زۆرینە رایان ئەرێنیە کە 83%. ئەمەش لە دواجار سەرکەوتوویی ئەندامانی لێژنە لە ڕاییکردنی کارەکانیان دەگەیەنێت.

**جۆریەتی هەست:** سەبارەت بە پرسیاری حەوتەم کە پەیوەستە بە جۆریەتی هەست و بەم شێوازە دارێژراوە: (هەستت چۆن بوو کاتێک ڕووبەڕوی چەند نێوەنگیرێک بوویەوە؟)، سیانیان پێیان وایە نەیانتوانیوە دادگەر بن لە دابەشکردنی کات لە نێو هەردوو لێکترازەر، کە ئەمانەش رێژەی 37.5% بەشداربووەکە پێکدەهێنن، هاوکات دووان لە بەشداربووان کە رێژەی 25% ئەم جۆرە دارشتنەی پرسیارە پێکدەهێنن رایان ئەرێنیەوە، پێان وایە هەستێکی پۆزەتیڤیان بەرامبەریان هەیە و، هەست دەکەن خەڵکانێک هەن بە کردەیی نایانەوێت جیابوونەوە ڕووبدات. یەکیان پێی وایە هیچ سوودێکی نەبووە کە رێژەی 12.5% پێکدەهێنێت، بەشداربووەکی دیکە پێی وایە هەستێکی خراپی هەبووە؛ چونکە ئەوان نایانەوێت مافی خۆی بەدەستبهێنێت, ئەم بەشداربووەش رێژەی ٪12.5 لە کۆی بەشداربووان پێکدەهێنێت.

**بوونی پاڵنەر بۆ ،)دامەزراوەی دادگا** : لە بەرامبەر پرسیاری نۆیەم کە دەربارەی بوونی پاڵنەرە بۆ دامەزراوەی دادگا. لێرەدا، هەشت لە بەشداربووەکان بڕوایان بە یاسا هەبووە، بۆ ئەوەی با یاسایی داوای مافەکانی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی بە ڕێگایەکی تەندروست داوای هەموو شتێک بکەن بە هەڵە دانەڕۆن، تا ئەوەی داهاتوویان ڕۆشن ببێت. ئەم رێژەی بڕوابوونە بە دادگا رێژەی 100% بەشداربووانی پێکدەهێنا. ئەمەش خاڵێکی ئەرێنیە کەوا ئەو کەسانەی ستەمیان لێکراوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یا خود زەرەرمەندن لە بری ئەوەی بە کۆمەڵایەتی کێشەکانیان چارەسەر بکەن پەنا دەبەنە بەر دادگاکان، لە دواجار مانای بەرزبوونەی ئاستی وشیاری لای هاوڵاتیان دەگەیەنێت.

**زیانە لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکان:** سەبارەت بە پرسیاری دەیەم لە بارەی زیانە لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکان کە ئایا زیانە لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکان چیبوون لەو لێکترازانە خێزانیە و وە کاریگەریەکانی چی بوون؟ لێرەدا، چەندین وەڵامی جۆراوجۆرمان لە بەردەستە، بەشداربووی یەکەم کە پسپۆری پزیشکی ددانە لە رەگەزی مێینە، پێیوایە لێکەوتەکان ئاساییە و بە ئاسایی وەریدەگریت، دواتر دەڵێت بە نەرێنی بێت یان ئەرینی ئەوە ڕاستیە و دەبێت قبوڵبکرێت، لێرەدا وا پێدەچێت ئەم پزیشکە کە لە ڕووی داراییەوە ئاستی بژێوی باشە، هەمیش متمانەی بەخۆی هەیە، ئەمەش وایکردووە زۆر بە ئاسایی وەریبگرێت و بێباکیش بێ بە لێکەوتەکانی، لە دواجار وەڵامی ئەم بەشداربووە 12.5% لە کۆی بەشداربووان دەگەیەنێت.
لە بەرامبەردا حەوت لە بەشداربووان لێکەوتەکان بە نەرێنی دەزانن کە رێژەی 87.5% پێکدەهێنێت، کۆی ئەمانە هۆکارەکەی بۆ قوربانی بوونی منداڵبوون دەگەیەنن؛ وێرای نامۆ سەیرکردنیان لە لای کۆمەڵگەوە، کە بە جۆرێک سەیر دەکرێن کاتێک تووشی کێشەیەکی خێزانی دەبن و لێی دەرباز نابن. **سوودە لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکان:** لە وەڵامی پرسیاری یازدەهەم کە 5 کەیسیان بە شێوازە دارێژراوە (دەکرێت بۆمان باس بکەی سوودە لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکان چیبوون لەو لێکرتازانە خێزانیە و وە کاریگەریەکانی چی بوون؟) کە تایبەتە بە سوودە لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکان . لێرەدا، سێ بەشداربوو پێیان وایە کە هیچ سوودێکی نیە، کە ئەمەش رێژەی 60% پێکدەهێنێت لە کۆی 5 کەیسی وەڵامدەرەوەی ئەم شێوازە پرسیارەی بەشداربووان. لە بەرامبەردا، دوو راکەی دیکەی جیاوازن لەم سێیە، یەکێکیان کە پزیشکی ددانەو لە رەگەزی مێینە زۆر بە شێنەیی باس لە سوودەکانی دەکات و، بە گەڕانەوەی کەرامەت لێکی دەداتەوە، ساتێک دەڵێت: من پێم وایە سوودی لێکەوتەکەی بۆ ئەوە بوو کە کەرامەت بۆ خۆم بگەڕێنمەوە، ئازادی خۆم ببینمەوە و خۆم ببمەوە خاوەنی بریاری خۆم. کە ئەمەش رێژەی 20% پێکدەهێنێت. هاوکات، بەشداربووەکی دیکە نزیکە لە رای ئەم و دەڵێت: سوودەکەی ئەوەیە کە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوو کەس نەگونجان لە ماوەیەکی درێژی خێزانی پێویستە ئیدی دەست لێک بکەنەوە کۆتایی بەو گرێبەستەی هاوسەرگیریە بێنن، ئیدی ئاسوودە دەبن هەردوو لایەن و کێشەکە دەچێتە خاڵی لێک دابڕان. کە ئەمەش رێژەی 20% پێکدەهێنێت. بەم پێودانگە 40% پێی باشە و بە شکاندنەوەی سوود دەیگەڕێنێتەوە.

هاوکات، سێ بەشداربوو لە پرسیاری یانزدە شێوازی پرسیارەکەیان بەم شێوازە بووە ( دەکرێت بۆمان باس بکەی گرنگترین کاریگەریەکانی ئەو پێکهاتنەوە کۆمەڵایەتیە خێزانیە چی بوون؟)، هەر سێک بەشداربوو کۆکبوون کە کاریگەری ئەرێنەی هەبووە؛ چونکە دەبێتە هۆی گەڕانەوە ئاشتەوایی و تەبایی و، دورکەوتنە لە رق و کینەو دووبەرەکی خێزانی.

سەبارەت بە پرسیاری دوانزدەهەم، کە پێنجی یەکەم بەم شێوازە کراوە داڕشتنەکەی (دەکرێت بۆمان باس بکەی زیانی لێکەوتە دەروونیەکان چیبوون لەو لێکرتازانە خێزانیە و وە کاریگەریەکانی چی بوون؟)

لەوەڵامی ئەم پرسیارە پزیشکی ددانەکە کە خاوەن رەگەزی مێینە ئەو زۆر بە روونی دەڵێ هیچ بە زیانی نابینم؛ من بە زیان نابیبنم هەست دەکەم لە ڕووی دەروونیەوە ئاسوودەتر بوم چونکە گەڕامەوە ژیانی ئاسایی خۆم، ئێستا بارودۆخەکە زۆر پۆزەتیڤانترە بۆ من. بەمەش رێژەی 20% لە کۆی ئەم دارشتنە پرسیارە پێک دەهێنیت، لە بەرامبەردا پێچەوانەی ئەمە یەکێک لە بەشداربووان کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە کاریگەریەکەی ئێجگار لا مەزنە ساتێک دەڵێت: کاریگەری ئێجگار زۆر بوو، دوورکەوتنەوە لە منداڵەکانت لە کەسێک ماوەیەکی زۆر لە ماڵێک بەیەکەوە بووبیت و شەریکت بی، بێ تاقەت دەبی قەلەق دەبی، دەروونت دەشڵەژێ ئەمن ڕاستگۆیانە باسی ئەو خاڵانە دەکەم. هاوات سیانەکەی دیکەش جەخت لە سەر بوونی کارگەری خراپی دەروونی دەکەن، پێیان وابووە ئازار بەخشەو, کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانیان و، دەروونی منداڵەکانیان، ئەم بۆچوونەش 80% پێکهێناوە.

هەر لە پرسیاری دوانزدەهەم سێ پرسیاری دوانزدەی کۆتایی کەسەکان داڕشتنەکەی بەم شێوازە بووە (دەکرێت بۆمان باس بکەی گرنگی کاریگەرییە دەروونی و سوودەکانی ئەو پێکهاتنەوەیە چی بوون ؟) لێرەدا هەر سێ بەشداربوو بە لایەنی ئاسودەیی و ئەرێنی دەبینن؛ چونکە دەبێتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووبارە گەڕانەوەی تەبایی و ئاسودەیی خێزان، کە ڕێژەی 100% ئەم جۆرە داڕشتنەی پرسیاری 12 پێکدەهێنن.

سەبارەت بە پرسیاری سیانزدە، کە دارشتنەکەی بەم شێوەیە (ئەگەر سەنتەرێکی ڕاوێژکاری خێزانی هەبێت، سەردانی دەکەی؟) . لە وەڵامی ئەم پرسیارە هەموو بەشداربووان بە ڕێژەی 100% پێیان باشە بوونی هەبێت کە دەبێتە مایەی رۆشەنبیرکردنی ژیانی تاک و خێزان.

## 3-2 ئەنجامەکان:

- هەموو ئەندامانی لێژنە کۆکن لە سەر نەبوونی هیچ ناکۆکی سیاسی لە نێوانیان، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پرۆسەی نێوەندگیری بە ڕاست و رەوانی بڕوات.
- هیچ جیاوازیەکی کۆمەڵایەتی نیە لە نێوان ئەندامانی لێژنەدا، واتە ململانێ نیە، جا ئەمەش دەبێتە کار ئاسوشەکە عەانیکەر بۆ پرۆسەی نێوەندگیری.
- گشت ئەندامانی لێژنە جەختیان لە سەر ئاشتەوایی و پێکهێنانەوەی خێزان کرد بە هەر رێگەیەکی دروست بێت کە ببێتە مایەی نزیکبوونەوەو دووبارە بونیادنەوەی خێزانیان.
- **سەبارەت بە رۆڵی یاسا:**بەشداربووان رۆڵی یاسا بە ئەرێنی دادەنێن، پێیان وایە کەوا هەموو بابەتەکان بە یاسا ڕێك خراون و، یاسا ڕۆڵی خۆی هەیە و، دۆسیەکان لە سۆنگەی (مادەی ٧ ی خێزان) وە دەڕوات.
- **بەهرەو کارامەیی**: هەموو ئەندامانی لێژنەکە خۆیان بە خاوەنی پسپۆری بابەتەکانیان دەزانن، پێیان وایە شارەزان لە بوارەکانی ئاشتەوایی و نێوەندگیری
- **لێژنەی ئاشتەوایی :** بەشێک لە لێژنە بڕیاری پێکهاتنەوە داوە، هاوکات ئەوانی دنکەش ئەوا بڕیاری پێشوەختەیان دابوو، پێیان وایە کە کێشەکەیان زۆر لەوە قوڵترە لە کاری لێژنە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3-3 ڕاسپاردەکان:

- لێژنەی ئاشتەوایی کە لە ئێستادا لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە سەنتەرە ڕاوێژکارییە خێزانیەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، وا باشترە لە چوارچێوەی دەزگایەکی ئەمنی دەربهێنرێت، بخرێتە سەر دامەزراوەیەکی میری مەدەنی، چونکە خەڵک ئێستا ئەو دامەزراوەیە وەکو لایەنێکی تەحقیقی دەبینێت زیاتر لە بری ئەوەی ناوەندێکی ئاشتەوایی بێت.
- هەموار کردنەوەی یاساکە وە چۆنیەتی میکانیزمی ناردنی کەیسەکان بۆ ئەو لێژنەیە، پێویستە لەسەر دادگا و نوسینەگەکانی توندوتیژی خێزانی کە پەڕاوەکان بەر لە تۆمارکردنی داوای یاسایی ئاشتەوایی تێدا بکرێت، هەوڵی پێکهێنانەوەیان بدرێت بەر لەوەی داواکە بەرزبکرێتەوە بۆ لای دادوەری لێکۆڵینەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ووتەی ئەندامانی لێژنەکە دەبینین ئەوان وەکو شارەزاییەک لو ئاشتەوایی پێیان وابوو کە کێشەکە بوە داوای یاسایی زۆر بە زەحمەتر ئاشتەوایی تێدا دەکرێت.
- وەرگرتنی کۆرسی تایبەت بە نێوەندگیری و ئاشتەوایی بۆ ئەندامانی لێژنەکە، بە تایبەتیش کۆرسەکان یاخود ڕاهێنان بۆ ئەندامان لەسەر چۆنیەتی نێوەندگیریکردن یاخود ناوبژیوانی کردنی خێزانی بۆ ئەندامانی لێژنەکە، کە ئەوەش دەبێتە پاڵپشتێکی زیاتر بۆ خاوەن کێشەکان و خێزانە لێکترازاوەکان ئیدی خاسڵەتاکانی ناوبژیوانی پڕ بەئەزموونتر و میتۆدی نوێ و مۆدێرن ڕەنگە یارمەتیدەربێت بۆ ئاشتەوایی زیاتر.

### 3-4 پێشنیارەکان:

- گرنگی دانی زیاتر بە ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی توێژینەوەکەمان لە بابەتی نێوەندگیری، بە تایبەتریش بۆ کۆمەڵکاران(Social Worker) کە گرنگی ڕۆڵی نێوەندگیری ڕوونبکەنەوە لە توێژینەوەکان.
- پێویستە لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا، کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بەشە زانستە مرۆڤایەتییەکان ڕابسپێرێت، بۆ ئەوەی ڕاهێنان و خول ئەنجام بدەن بۆ کارمەندانی ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێژنانەی کە لە وزارەتەکان ئیش و کارەکان ئەنجام دەدەن، بە تایبەتیش لە ڕوونکردنەوەی مۆدێل و تیۆر و چۆنیەتی بەشداری کردن لە کەیسەکان.

ڕەخساندنی هەلی گونجاو بۆ دەرچووانی کاری کۆمەڵایەتی لە لایەن دامەزراوە میریەکان، کە ببنە ئەندام لەو لێژنانە و چونکە ئەوان کەسانی شارەزان خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمین لەو بوارەدا، ڕێگە خۆشکردن و یارمەتیدانی قوتابییانی کاری کۆمەڵایەتی لە لایەن دەزگا میرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی دابمەزرێن کە شارەزان لە بوارەکانی نێوەندگیری و ئاشتەوایی.

## سەرچاوە کوردیەکان:

1. د.سابیر بۆکانی. ٢٠٢٠ .میتۆدی توێژینەوەی زانستی .چاپی دووەم . سلێمانی: چوارچرا.
2. پەرلەمانی کوردستان. یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستانی-عێراق.
3. زاهید حسن و سۆما سەرحەد.٢٠١٨ ڕۆڵی خیزان لە پەروەردەکردنی منداڵاندا. سلێمانی: دەزگای هزر.
4. محمود بن محمد،٢٠١٤ وەرگێڕانی ئارام ئەمین شوانی. دەرونزانی کۆمەڵایەتی. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

## The reference:

1. A.Black, Jamis. 1976. *methods and issues in Social Research.* New York: John Wiley and sons Publishing .
2. Charles, Z and Karen, K. 1990. *Understanding human behavior and the social environment*. London: Nelson Hall.
3. Fischer, Constance T. 2006. *Qaulitative research Methods for Psychologists*. 1st edition . London, Uk: Academic press of Elsevier.
4. Klaus. J. Hopt, Felix Steffek. 2012. *Mediation: Principles and Regulation in Comparative Perspective*. London: Oxford University Press.

5. Nueman, Lawerence.2006. *Social Research Methods Qualitative and Quantitaive appraches* . New York: Pearson Publishing.
6. Pierson. J and Thomas, M.2010. Dictionary of Social Work. Linkoln, United Kingdom: Open University Press.
7. Rahman, Kazi Abdur.2012. *Mediation and Mediator skill*: A Critical Appraisal. Bangladesh Research Foundation Journal.
8. Wilson, John. Try Mediation Want to Resolve a dispute. New York: National Youth Network. 2000.

# (The Role of Reconciliation Committee in the Reconciliation of Domestic Violence in the Center of Erbil City)

**Rasty Ghafoor Fettah**
Department of Social Work, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Rasty.fettah@su.edu.krd

**Dr. Shvan Ismail Hamad**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Shvan.hamad@su.edu.krd

***Keywords:*** *Competent committee, Mediator, mediation, Family, domestic violence.*

## Abstract
This research has been conducted under the title (The Role of Competent Committee in the Reconciliation of Domestic Violence in the Center of Erbil City). The committee was founded after the legislation on anti-domestic violence law which consists of seven articles, article five of which refers to the establishment of a committee to reconcile domestic violence. The members of the committee must be experienced people and a significant part of the mediation roles and responsibilities of the committee must be devoted to social workers. The current

study first tries to identify the roles of the social workers in the reconciliation and mediation of domestic violence, the most important characteristics of the committee and its effects on families. Besides, it attempts to find out the duties and responsibilities of the committee as well as its impact on the members and the environment of the families with problems. This study consists of an introduction, three chapters, and a list of bibliography. The first chapter highlights the importance of the study, the objectives of the study, and the problem of the study. Chapter two includes the key terms, methodology, data collection instruments, and the research challenges. Chapter three displays the analysis of the study results, conclusion, suggestions, and recommendations.

---------------------------------------------------------------

# ( دور لجنة المصالحة في تسوية المشاكل الأسرية في وسط مدينة أربيل)

**الملخص:**

تم إجراء هذا البحث بعنوان( دور لجنة المصالحة في تسوية المشاكل الأسرية في وسط مدينة أربيل) يعود إنشاء هذه اللجنة إلى قانون مكافحة العنف الأسري، ويتألف القانون من سبع مواد، وتشير المادة الخامسة منه إلى إنشاء لجنة لمصاحلة العائلات، يجب أن يكون أعضاء اللجنة خبراء، وجزءاً مهماً يقع على عاتق الأخصائيين الاجتماعيين، في هذه الدراسة، حاول الباحث إظهار دور الأخصائيين الاجتماعيين في مصالحة المشاكل الأسرية و الوساطة بينهم، أيضا أهم خصائص لجنة المصالحة و أثرها على الأسرة، وحاول معرفة واجبات و إرث هذه اللجنة على أعضائها و بيئة الأسر التي تعاني من المشاكل أيضاً، تتكون هذا البحث من مقدمة و ثلاثة أقسام وقائمة بالمصادر، يتناول الجزء الأول أهمية البحث و أهدافه و مشكلات البحث، أما جزءه الثاني يتناول مفاهيم البحث وطرُق البحث و منهجيته و أدوات جمع البيانات و المشكلات التي تواجه البحث، أما قسمه الثالث فقد كُرِّس لنتائج البحث واستنتاجاتها وتوصياتها و اقتراحاتها.